# جوڵانەوەی سیاسی کوردستان

## لە ستراتیژی سیاسی و پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئێراندا(١٩٦٨-١٩٧٥)

هەردی مەهدی میکە*                ئەژی ئازاد ئەبوبەکر**

وشە کلیلییەکان: جووڵانەوەی کورد، پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق، کێشەی سنوریی، بەیاننامەی١١ئازار، ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق، پەیماننامەی جەزائیر.

https://doi.org/10.31271/jopss.10004

**ملخص البحث:**

**حركة كوردستان السياسية**

**في الإستراتيجية السياسية وعلاقات الدولة الإيرانية (١٩٦٨- ١٩٧٥)**

ظلت علاقات ايران مع الحركة السياسية الكوردية بين ١٩٦٨ و ١٩٧٥ متأثرة بالعلاقات الإيرانية-العراقية بعد انقلاب ١٩٦٨ وتغيير الحكومات العراقية المتعاقبة. وشهدت هذه العلاقة صعودا وهبوطا متكررة. ولم يكن جوهر الصراع عائد إلى الأهداف السياسية للكورد وعلاقتهم مع إيران فقط، وإنما الى تأثره الكبير بمواقف العراق وإيران الأيديولوجية أيضاً. كلما انخفضت حدة الخلافات الإيديولوجية، كانت هناك دفعة الى التنسيق السياسي بينهما وأصبحت المواجهات الحدودية بينهما أقل. وقد لعبت مصالح دول عدة، مثل إسرائيل والولايات المتحدة، دوراً كبيراً في علاقات إيران مع كل من العراق والكوررد. وبصرف النظر عن أهداف الحركة السياسية الكوردية، جعلت الخلافات بين إيران والعراق ان يبحث الدولتان عن آليات عدة لإضعاف بعضهما البعض. وفي هذا الإطار، وجدت إيران في الحركة الكوردية العراقية جزءاً من أدواتها السياسية والعسكرية.

الهدف الأول من هذا البحث هو تحليل علاقات كورد العراق مع إيران بين الاعوام ١٩٦٨ - ١٩٧٥ ودور إيران في الحركة الكوردية بقيادة مصطفى بارزاني. الهدف الثاني هو التحقق من اسباب دعم إيران لكورد ودور إيران والعراق في هذه المسألة. وعليه، يتمثل السؤال الرئيسي للبحث في: ما هو الدور الذي لعبه الكورد في العلاقات الإيرانية العراقية بين ١٩٦٨-١٩٧٥؟ ووقد اعتمد البحث على المنهج الوصفي التحليلي التاريخي. وتوصل الباحثون إلى استنتاج مفاده أن إيران استغلت الحركة

---

* یاریدەدەری سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی:
hardi.mahdi@uhd.edu.iq

** مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی چەرموو:

azhi.azad@charmouniversity.org

الكوردية من خلال استخدامها كأداة سياسية. علاوة على ذلك، حاولت إيران، من خلال ممارسة الضغط على الدولة العراقية، تحقيق أهدافها الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية مثل ترسيم حدود المياه والحدود البرية، وتحريف اتفاق الكورد مع العراق في مارس / آذار عن مسارها وإعاقة تحقيق الحكم الذاتي للكورد. ويدل ابرام اتفاقية الجزائر عام ١٩٧٥ على بلوغ إيران إلى أهدافها وهذا يثبت استغلال ايران للكورد كأداة سياسية.

## پوختەی توێژینەوە:

پەیوەندییەکانی ئێران و جوڵانەوەی سیاسی کورد لە عێراقدا لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥ لە ژێرکاریگەری پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق لە دوای کودەتای بەعسییەکان لە سالی ١٩٦٨ و گۆڕینی حکومەتی عێراق بووە، لە چەند قۆناغێکی جیاوازی عێراقدا هەورازونشێوی بەخۆوە بینیوە. ناوەڕۆکی ناکۆکییەکان تەنیا بۆ ئامانجی سیاسی کوردی عێراق و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران نەدەگەڕایەوە، بەڵکو لە ژێرکارتێکردنی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانی ئێران و عێراقیشدا بووە. هەرکاتێک کە ناکۆکی ئایدۆلۆژیایی کەمتر بووبێتەوە، هەماهەنگی سیاسی باڵی بەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان کێشاوە و سنورەکانی نێوانیان ئارام و پێکدادانەکان کەمتر بووەتەوە. لەم نێوەندەدا وڵاتانیتر بە تایبەتی ئەمریکا و ئیسرائیل بە هۆی ستراتیژ و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ کورد و عێراقدا بینیوە. جیا لە ئامانجە سیاسییەکانی جوڵانەوەی کورد، ناکۆکی و دوژمنایەتی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق بووە هۆی ئەوەی سوود لە ئامرازگەلێک و کارتی جیاواز بۆ لاوازکردنی یەکتر ببینن. جووڵانەوەی کوردی لە عێراق بۆ ئێران بەشێک لە ئامرازە سیاسی وسەبازییەکەی بوو.

ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە، لێکدانەوەی پەیوەندییەکانی کوردی عێراق لەگەڵ ئێراندایە لە ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥ و ڕۆڵی ئێران لەم جووڵانەوەی کوردی بە سەرۆکایەتی مەلامستەفا بارزانییە، ئامانجی دووەم لێکۆڵینەوەیە لە سەر چۆنێتی و هۆکارەکانی پاڵپشتی ئێران بۆ کورد و ڕۆلی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق لەم بابەتەدایە. هەر بۆیە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە کە کوردی عێراق چ ڕۆڵێکی لە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق لە ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥ گێڕاوە؟ لە کۆتاییدا و بە سودوەرگرتن لە میتۆدی مێژوویی وەسفی-شیکاری، ئەم ئەنجامە هاتەدەست کە ئێران، جووڵانەوەی کوردی لە عێراقدا وەک ئامرازێکی سیاسی بەکاردەهێنا و پاڵپشتی دەکرد بۆ ئەوەی لە ڕێگای خستنەژێرفشاری دەوڵەتی عێراق، ئامانجە ستراتیژی و سیاسی و ئابوورییەکانی کە خۆی لە دیاریکردنی سنووری ووشکانی و ئاوی نێوانیان و بەلاڕێبردنی ڕێککەوتننامەی کورد و عێراق و ڕێگریکردن لە دروستبوونی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەبینی، بەدەستبهێنێت. بەستنی پەیماننامەی جەزائیر ١٩٧٥ و خاڵەکانی، ئێرانی بە ئامانجەکانی گەیاند و دەسکەلابوونی کوردی وەک ئامرازێک دەرخست.

**Abstract:**

**Kurdistan Political Movement: in Political Strategy and Iranian State Relations 1968-1975**

The Iranian-Iraqi Kurdish Political Movement relationships between 1968 and 1975 was under both the impacts of Iran-Iraq relationship after the coup of 1968 and the change in the Iraqi governments. This relationship witnessed frequent ups and downs. The core of the conflict was not only due to the Kurds' political goals and their relationship with Iran, but also greatly influenced by the Iraq and Iran ideological stances. Whenever there was a decrease in ideological attitudes, there was a boost in political coordination and the border clashes became less. The interests of several states, such as Israel and the USA, played a considerable role in Iran-Iraq and Kurds-Iran relationships. Apart from the Kurdish Political Movement's goals, Iran-Iraq relationships made the two states benefit from several mechanisms to weaken each other. For Iran, the Iraqi Kurdish Movement was part of its political and military tool.

The first aim of this article is to examine the Iraqi Kurds relationships with Iran from 1968 to 1975 and Iran's role in the Kurdish Movement led by Mustafa Barzani. The second aim is to investigate why Iran supported the Kurds and the roles of Iran and Iraq in this matter. Thus, the main question is what role did the Kurds play in the Iran-Iraq relationships between 1968-1975? In this research, historical descriptive-analytical method has been implemented. The researchers arrived at the conclusion that Iran took advantage of the Kurdish Movement through using them as a political instrument. Furthermore, Iran, through putting pressure on the Iraqi state, tried to attain its strategic, political, and economic goals such as demarcation of water and land borders, deviating of Iraq-Kurds March Manifesto from its path through the abrogation of the Kurdish autonomy. With Algeria Convention in 1975, Iran reached its goals and this proved the use of the Kurds as a political tool by Iran.

## پێشەکی:

بە سەرکەوتنی کودەتای ١٩٥٨ لە عێراق و هاتنە سەردەسەڵاتی دەستەبژێرێک کە تێکەڵەیەک بوو لە سیاسی ڕادیکاڵ و نەتەوەیی نزیک لە ئایدۆلۆژیای چەپ، هاوکێشەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق ئاڵۆزی و گرژی زیاتری بە خۆوەدی، ئەمە سەرەڕای مانەوەی کێشەگەلێکی قووڵ وەک کێشەی سنوری، مەزهەبی، ڕێڕەوە ئاوی و ووشکانییەکانی نێوانیان کە بەچارەسەرنەکراوی مابوونەوە. کودەتای ١٩٥٨ بەهۆی هەڵگێڕانەوەی جۆری سیستمی حوکمڕانی(پاشایی بۆ کۆماری) و وەرچەرخانی ئاراستەی ئایدۆلۆژی دەوڵەتی عێراق(ئاوێتەیەک لە نەتەوەگەرا و چەپگەراکان) بوو، پێچەوانەی ئامانجی سیاسی و جۆری سیستمی حوکمڕانی و ئامانجەهەرێمییەکانی ئێران لە ناوچەکە دەوەستایەوە کە خۆی لە پاراستنی بەرژەوەنییەکانی ئەمریکا و بەرهەڵستیکردنی هەژمونی چەپ و سۆڤییەت لە ناوچەکە دەبینییەوە، ئەمە سەرەڕای هەڕەشە ناوخۆییەکانی ئێران کە بریتی بوو لە کێشەی پێکهاتەنەتەوەییەکانی وەک کورد و چالاکی هێزە چەپڕەوەکان. بە کودەتای١٩٦٨ و زاڵبوونی چەپە نەتەوەییەکان(بەعس)، کێشە و تەنگژەکان چەندبەرامبەر بوونەوە و حکومەتی نوێی عێراق بووە مایەی هەڕەشە بۆ سیاسەتەگشتییەکانی ئێران، ئەمەش وایکرد کە ئێران بۆ لاوازکردنی عێراق، بەدوای ئەو کارتە سیاسییە هەرێمایەتی و ناوخۆییەکانی نەیارەکەیدا بگەڕێت.

پەیوەندییەکانی جوڵانەوەی کوردیی عێراق لەگەڵ ئێران لە ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥ ئاستی جیاوازی بەخۆوە بینیوە؛ ڕاستیەکەی تەبایی کورد لەگەڵ ئێران بە درێژایی ئەم ساڵانە لەژێر کاریگەری پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق لە دوای کودەتای بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ و گۆڕینی حکومەتی عێراق بووە. ئەم پەیوەندیانە ئەگەرچی تا ساڵی ١٩٧٥ لە ئاستێکی باشدا نەبووە و تەنانەت گەیشتۆتە ئاستی هەڕەشە لەیەکترکردن، بەڵام هیچ کاتێک پچڕاندنی تەواوەتی بەخۆوە نەدیتوە. پێویستە لە چۆنێتی ئەم پەیوەندیانە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە بەهۆی هاوسنوری ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و عێراق و نیشتەجێیی چەکدارانی کورد بە درێژایی سنوری باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق لەگەڵ ئێراندا، بەشێک لە ململانێکانی ئێران وعێراق بۆ پرسی نەتەوەیی کوردی عێراق و داوکارییەکانیان و پەیوەندیەکانی ئەو جوڵانەوەیە لەگەڵ ئێران دەگەڕایەوە. ناوەڕۆکی بەشێکیتر لە کێشەکانی نێوان دوو ووڵات بۆ بەریەککەوتن و ناکۆکی ئایدۆلۆژیانەی هەردوولا دەگەڕایەوە. لەم نێوەندەدا ڕۆڵ و پێگەی ووڵاتانی هەرێمایەتی و دەرەوە وەک ئیسرائیل و ئەمریکا و کاریگەریان لە سەر پەیوەندیەکانی ئێران و عێراق و پرسی کورد، جێگای بایەخ بووە.

جیاواز لە ئامانجەکانی کورد لە عێراق و چالاکییەکانی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە سیاسی

و کلتورییەکانی لە چوارچێوەی عێراق لە ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥، ناکۆکییە سیاسییەکانی ئێران و عێراق بوویە هۆی ئەوەی هەردوولا سوود لە کۆمەڵێک ئامراز و کارتی جیاوازی سیاسی، ئابووری، سەربازی و پڕوپاگەندەیی بۆ لاوازکردنی یەکتر وەربگرن، کە کوردی عێراق بۆ ئێران، ڕۆڵێکی ئامرازئاسای فشاری بۆ سەر عێراق دەگێڕا. بۆیە هەرجۆرە ناکۆکی و کێشەیەکی نێوان ئەم دوو وڵاتە وەکو دەرفەتێک بۆ چالاکی کوردی عێراق لێی دەڕوانرا و بە پێچەوانەوە نزیکبوونەوەیان، دەرفەتقۆستنەوەی لە کورد دەسەندەوە.

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، لێکدانەوەی پەیوەندییەکانی کوردەکانی بەرهەڵستکاری عێراقە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و ستراتیژە سیاسییەکانی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥ و دیاریکردنی ڕۆڵی ئێرانە لە هەورازونشێوەکانی جووڵانەوەی کوردی عێراقی دژە حکومەتی عێراق و هەروەها ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراقە لە سەر پەیوەندییەکانی ئێران و کورد. لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە ئەوە ڕوونبکرێتەوە ئەو هۆکارانە چیبوون کە بوونەهۆی نزیکبووەوەی کورد و ئێران و ئەم نزیکبوونەوەیە چە کاریگەرییەکی لەسەر عێراق و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بەجێهشت.

توێژینەوەی بەردەست سوودی لە میتۆدی مێژوویی وەسفی-شیکاری بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکان بینیوە و کاری لە سەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکانی جووڵانەوەی کورد لەگەڵ هەریەکە لە ئێران و عێراق کردووە و نەپەرژاوەتە سەر بارودۆخی ناوخۆیی جووڵانەوەی کورد. بۆ ئەم مەبەستە سوود لە سەرچاوەکانی دەستی یەک، بەڵگەنامە، یادداشت و نووسینەکانی ئەو کەسانە بینراوە کە لە نزیکەوە لە ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە ساڵەکانی ئەم توێژینەوە بەشداربوون یان بینەری نزیک و هاوچەرخ یان خاوەن پۆستێکی حیزبی و حکومی بوون و ڕاستەخۆ لە ڕووداوەکان بوونیان هەبووە.

## باسی یەکەم:

## پێگەی کوردەکان لە نێو هۆکاری ناکۆکییەکانی ئێران-عێراق(کێشەی سنووریی، کودەتی ١٩٦٨، جوولانەوەی کوردەکانی عێراق)

چەند بابەتێکی سەرەکی ڕۆڵی گرنگیان لە هەوراز و نەشێوەکانی پەیوەندییەکانی ئێران-عێراق دەگێڕا، سەرجەمیان رەنگدانەوەیەکی بەرچاویان لە چالاکییەکانی جووڵانەوەی کوردی دروستکردبوو، جاروبار کوردەکان دەبوونە بەشێک لە کێشمەکێش و ناکۆکییەکان یان دەبوونە هۆکارێک بۆ ڕێککەوتن و هاوتەریببوونی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق.

ناوەڕۆکی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق لە ساڵەکانی ١٩٦٨-١٩٧٥ز لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک پرسی جیاواز بووە: کێشەکانی سنوری، کودەتای ١٩٦٨، لێکدانەوەی ئایدۆلۆژیانە، پرسی نەوت و گرنگییە بەردەوامەکەی، بابەتی کوردەکانی عێراق و رۆڵی ئێران و وولاتانی دەرەکی، کە کاریگەریان لەسەر سیاستی دەرەوەی ئە دوو وڵاتە هەبووە. ئەم بابەتانە کار و کاردانەوەی دوولایەنەی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥ بەدوای خۆیاندا هێنا، بە جۆرێک پەیوەندییەکانی دوو وولات لە بارودۆخی سەردەمیانەی دیاریکراودا تووشی قەیران بوو و بەپێچەوانەوە لە بارودۆخێکیتری ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بووە هۆی دابینکردنی ئارامییەکی ڕێژەیی نێوان هەردوولا(ازغندی ١٣٩٢، ٣٩٧). هەڵبەت ناکرێت هەموو هەڵوێست و کاردانەوەکانی تایبەت بە ناکۆکییەکانی دوو وڵات بە شێوەیەکی گشتی لە یەکتر جیابکرێتەوە و سەربەخۆیانە باسی هەر بابەتێک بکرێت. بە تایبەتی لە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕووداوانە لەسەر جووڵانەوەی کورد، هەموو ڕێککەوتننامەکان و کێشمەکێشەکانی سیاسی دوو وولات بەیەکەوە پەیوەندیان هەبووە و ڕۆڵێکی زۆر سەرەکییان لە وەرچەرخانی پەیوەندییەکانی ئێران بە کوردەکانی عێراقدا گێڕاوە.

### ١.کێشەکانی سنور:

یەکێک لەو بابەتانەی بووە هۆی ئەوەی زۆرترین کێشە لە نێۆان ئێران و عێراق بێنێتەکایەوە، پرسی سنوورەکانی نێوانیان بووە. کێشەکە ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی مێژوویی هەبوو و بۆ سەردەمی ململانێ و ڕکابەرایەتی عوسمانی - سەفەویی دەگەڕایەوە. ئەم کێشەیە لە چەند ڕێککەوتننامەیەکی فەرمی ئێران وعوسمانی هەر لەو سەردەمەوە تا مێژووی نوێی عێراق گفتوگۆ و ڕێککەوتنی لەسەرکراوە، لەوانە: پەیماننامەکانی زەهاو ١٦٣٩، کوردان ١٧٤٦، ئەرزەڕومی یەکەم ١٨٢٣، ئەرزەڕومی دووەم ١٨٦٤، لە مێژووی هاوچەرخی پەیوەندییەکانی ئێران-عێراق و بەپێی پەیماننامەکانی پێشووی نێوان حکومەتەکانی ئێران و عوسمانی،

پەیماننامەی ١٩٣٧ "سەعدئاباد" واژوو کرا و لە هەموو ئەم پەیماننامانەدا بابەتی خاڵە سنوورییەکانی نێوان دوو وولات، بابەتێکی سەرەکی گفتگۆکان و خاڵەکانی پەیماننامەکان بووە(بهمنی قاجار ١٣٨٣، ٨١).

پەیوەندییەکانی نێوان دوو وولات لە دوای سالی ١٩٦٨ تاوەکو ١٩٧٥، چووە ناو قەیرانێکی نوێوە؛ کاتێک ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرۆکی کودەتایی ئەوکاتی عێراق، بانگەشەی خاوەندارێتی ڕەهای عێراقی بۆ سەر شەتولعەرەب(اروندرود) هێنایە بەرباس و بەرپرسانی عێراق (بەعس) بڕیاریاندا بەڵگەنامەکانی ئەو کەشتیانەی دەچنە ناو شەتولعەرەب، بپشکنن. لە پاش ئەم بڕیارە لە ١٩٧٠/٣/١٧ وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئاورێژی شەتولعەرەبی وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خاکی عێراق ناساند و داوای لە ئێران کرد ئاڵای وولاتەکەیان لەسەر کەشتییەکانی خۆیان بهێینەخوارەوە. لە دوای ئەم لێدوان و کردارانەی بەرپرسانی عێراق، دەوڵەتی ئێران لە بەهاری هەمان ساڵدا، پەیمانی سنوری ١٩٣٧ی هەڵوەشاندەوە و خواستی خۆی بۆ بەستنی پەیماننامەیەک لە سەر بنەمای "هێڵی تالوگ" ڕاگەیاند.

ئەم پێشهاتە نوێیانە، پەیوەندییەکانی دوو وولاتی تا ئاستی ڕوودانی بەریەککەوتنی سەربازی بەرەو ئالۆزی برد و تەنانەت ئەگەری پێکادانی سەربازی لە نێوان هەردوولا بێتەکایەوە و تەنانەت لە کێشەیەکی سنووریش تێپەڕێت. لەم کاتەدا ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری عێراق، پرسی شەتولعەرەب و خەباتی عەرەبەکان دژ بە ئیسرائیل و جووڵانەوەی کوردەکانی (بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی) پێکەوە گرێدا(مهدوی ١٣٨٩، ٣٥٧-٣٦٠). دواجار ئەم بابەتە بە نێوانگیری "هەواری بومەیدین" سەرۆکی ئەوکاتی جەزائیر، لە کاتی دانیشتنی وولاتانی ئۆپێک(٤-١٩٧٥/٣/٦) لە جەزائیر، هەر دوو وولات گەیشتنە ڕێککەوتنێک کە کاریگەری تێکشکێنەری لە سەر جووڵانەوەی کوردی عێراق جێهێشت.

### ٢.کودەتای ١٩٦٨:

کودەتای بەعسییەکان بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێنی جێگری، بابەتێکیتری ناکۆکی و مشتومڕی نێوان عێراق و ئێران لە دوای سالی ١٩٦٨ بوو کە درزێکیتری خستە پەیوەیەندییەکانی هەر دوو وولات. ڕوانگەی کودەتای ساڵی ١٩٦٨ لە چەند ڕوویەکەوە جێگەی تێڕامانە بە تایبەتی کە کاریگەری خستەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق. دیارترین نمونە بۆ ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی-عەرەبی بەعس و تێڕوانینە سۆسیالیستیە توندڕەوانەکانی رژێمی نوێی عێراق بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان لەگەڵ وولاتانیتر، سەرکووتکارییەکانی کودەتاچییەکان دژ بە کوردانی عێراق و ئێرانییانی نیشتەجێی عێراق، هەروەها تێڕوانینی کودەتاچییەکان لە هەمبەر جووڵانەوەی بارزانی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و وڵاتەکانی

وەک ئەمریکا و ئیسرائیڵ دەگەرایەوە.

لە کودەتاکەی دژ بە عەبدولڕەحمان نایف، حیزبی بەعس بە سەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و عەبدولڕەزاق نایف و عەبدولڕەحمان داوود توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن و لە ١٩٦٨/٦/١٧ توانیان دەسەڵات بگرنەدەست و حکومەتی نوێ دامەزرێنن، ئەحمەد حەسەن بەکر بە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی رابەڕایەتی شۆڕش دیاریکرا، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە پشتەوەی ئەحمەد حەسەن بەکر، سەدام حوسێن بوونێکی کاریگەری سیاسی هەبوو. حیزبی بەعس لە ساڵانی دوای کودەتا لە بەرامبەر ئێراندا سیاسەتێکی نەرێنی و بەرامبەر بە کوردەکانی عێراق سیاسەتی سەرکووتکردنی جێبەجێ کرد(طالع ١٣٨٩، ٥٤).

بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە سنوورەکانی ئێران و عێراق، هاتووە یەکەمین هەنگاو کە حکومەتی عێراق لە دوای کودەتا لە ئاستی پەیوەندییەکانی ئێران-عێراق پێی هەڵسا، دووبارەکردنەوە "مافی خاوەندارێتی عێراق لەسەر شەتولعەرەب" بوو، بە شێوەیەک کە حکومەتی بەعس شەتولعەرەبی وەک ڕووبارێکی ناوخۆیی ناساند. یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی عێراق بە باڵیۆزی ئێران دەڵێت: "دەوڵەتی عێراق شەتولعەرەب بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێت... پێویستە ئێرانییەکان کەشتییەکان چۆڵبکەن، بە پێچەوانەوە دەوڵەتی عێراق بە زۆرەملێ، هێزە دەریاییەکانی ئێران لە کەشتییەکانیان دەخاتە دەرەوە..."(خارجه ١٣٦٨، ١٥٧). لە بەرامبەردا دەوڵەتی ئێران پەیمانی سنوریی ١٩٣٧ بە هۆی هەڵوەشانەوەی تاکلایەنانە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، ئامادەیی خۆی بۆ بەستی پەیمانێکی نوێ لە سەر بنەمای مافە نێودەوڵەتییەکان کە دابینکەری مافەکانی ئێران بێت، بە عێراق ڕاگەیاند. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە ساڵانی ڕابردوودا ئێران ڕایگەیاندبوو کە تەنیا "هێڵی تالۆگ" کە تایبەتە بە سنوری ئاوی عێراق و ئێران بە فەرمی دەناسێت(طالع ١٣٨٩، ٥٥).

لە دوای ئەم کێشمەکێشە نوێیانەی کە بە هۆی کێشەی سنوری و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سەعدئاباد لە پەیوەندییەکانی دوو وڵات دروستبوو، کودەتای بەعسییەکان ئەم تەنگەژانەی قووڵتر کرد و گەیاندییە لوتکە، "بە خێرایی تەشەنەی کردە نێو لایەنەکانیتری پەیوەندییەکانی دوو وڵات، دەوڵەتی عێراق سکاڵای سنوری خۆی سەبارەت بە پارێزگای خوزستان و بەتایبەتی خوڕەمشەهر هێنایە بەرباس، بەشێک لە هاوڵاتیانی ئێرانی دانیشتووی عێراقی دەرکرد" و شەڕی ڕاگەیاندن لە نێوان هەردوولا پەرەی سەند. دۆخێکی نزیک لە شەڕ و پێکدادان لە ئەنجامی تەنگەژەی سیاسی پەیوەندییەکان و هاندانی سەرکردە سەربازییەکانی هەردوولا هاتەکایەوە، بەڵام محەمەدڕەزاشا، ئێرانی لە پەڵهاویشتنە ناو شەڕەوە بەدوورگرت(طارمی ١٣٨٤، ٣٦). ئەم کردار و هەنگاوانە، جێکەوتەی فرەچەشنی لە بابەتە ناکۆکەکانیتری نێوان دوو وڵات بەدوای خۆیدا هێنا، لەوانە پەیوەندییکردنی هەردوولا بە گروپە بەرهەڵستکارەکانەوە، بەتایبەتی جووڵانەوەی کوردەکان و پەیوەندییگرتنی ئێران لەگەڵ

بارزانی و جوڵانەوەی کوردەکانی عێراقدا (کە لە دوای ساڵی ١٩٦٥ بارزانی ئیتر عێراقی جێهشتبوو و پەنای بۆ ئێران بردبوو) کێشمەکێشە سیاسییەکانیتری بەدوای خوێدا هێنا. لە ساڵانی دواتردا هەر دوو وڵاتی ئێران و عێراق، پرسەکانی پەیوەست بە ململانێی خۆیان لەگەڵ سەرکوتکردنی جووڵانەوەی کورد، بەیەوەکەوە بەستەوە و لە ئەنجامدا کێشەی سنوری لەگەڵ جووڵانەوەی کوردەکانی عێراق وەک دوو گۆڕدراوی کارتێکەر و کارتێکراو لە دژی یەکتر ڕۆڵیان گێڕا.

## ٣. کوردانی عێراق لە پەیوەندییەکانی دوو وڵات:

بابەتێکیتری هۆکاری ناکۆکی نێوان ئێران و عێراق، "کوردانی عێراق" بوون؛ کورد بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی لە ناوچە سنوورییەکان بە سوودوەرگرتن لە قەیرانی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق بە هۆی بابەتەکانی جیاوازی ئایدۆلۆژیایی و کێشەی سنوری، هێرش و پەلامارەکانی خۆیان لە ساڵەکانی ١٩٦٨-١٩٧٥ چەندبەرامبەر کرد. جوڵانەوەی کوردان نە تەنیا سودی لەو هەلەی کە بۆی رەخسا بوو بینی، بەڵکو هاوکات خودی جوڵانەوەکەش بووە بەشێک لەو بابەتانە کێشەلەسەرانەی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و دواتر لە سەر مێزی گفتگۆکان پرسێک بوو کە گفتگۆ و تێکهەڵچوونی هەردوو لای بەدوای خوێدا هێنا.

ئێران سەبارەت بە ڕاپەرینی کوردانی عێراق تێڕوانینێکی جیاوازی هەبوو، کاتێک کە کوردەکان لە عێراق و لە ساڵی ١٩٦١ دەستیان بە هەڵگیرساندنی ڕاپەڕین کرد، ئێران بەو گێژاوەی کە عێراق تێیکەوتبوو دڵخۆش بوو و ئەم دڵخۆشییەی لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکان و بڵاوەکردنەوەی هەواڵی پێشمەرگەکانی کورد لە ڕادیۆکانی ئێرانەوە پەخشدەکرد، ئەمە جیا لە هاوکاریەسەربازییەکان و دالّدەدانی هێزە نەیارەکانی دژ بە عێراق(أبالاس ١٣٧٧، ٢٤٢). پەرەسەندنی ئاڵۆزی و گێرەوکێشەکانی دوو وڵات لە دوای کودەتای ١٩٦٨، ڕێگای بۆ چالاکی و هاتنەناوەوەی گروپە بەرهەڵستکارەکان خۆشکرد. لەم نێوەندەدا گرنگترینی ئەم گروپانە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق(پدک) بە رابەرایەتی مستەفای بارزانی بوو کە نزیکەی هەشت ساڵ لەوەوپێش ڕاپەرینی دژ بە عێراق ڕاگەیاند و بەدوای هەلێکی نوێدا بۆلێدان و لاوازکردنی بەغدا دەگەڕا لە بەرامبەر ملکەچکردن بۆ خواست و ئامانجەکانی ڕاپەڕینەکە، کە کەمترین داواکاری "ئۆتۆنۆمی" بۆ ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عێراق بوو. پدک چالاکییەکانی لە ساڵی ١٩٦١ دژ بە رژێمی عێراق دەستپێکرد(ماکداول ١٣٨٦، ٤٧٩-٤٨٥). بارزانی لە دوای کودەتای ١٩٦٨، هەلی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی عراق و ئێرانی لە دەستنەدا و بە یارمەتی ئێران هێرشەکانی خۆی دژ بە عێراق لە ناوچە کوردییەکان زیادکرد، بۆ نمونە لە مانگی سێی ١٩٦٩ هێرشیکی توندی دژ بە عێراق لە کەرکوک دەسپێکرد و چەند گورزێکی گەورەی لە کۆمپانیای

نەوتی ئەوێ وەشاند و بووە هۆکاری وەستاندنی بەرهەمهێنانی نەوت لەم ناوچە نەوتییەی عێراق و بۆ چەند ڕۆژێک حکومەتی عێراق نەیتوانی نەوت هەنارده بکات(تریب ٢٠٠٦، ٢٦٨) ڕوانینی حکومەتی عێراق لە دوای ساڵی ١٩٦٨ بۆ حکومەتی ئێران، ڕوانینێکی دوژمنانە بوو، هۆکاری سەرەکیشی بۆ یارمەتییە دارایی و سەربازییەکانی ئێران بۆ بەرهەڵستکارانی کورد دەگەڕایەوە. دەوڵەتی عێراق، ئێرانی بە یارمەتیدانی کورد و بارزانی (کە عێراق بە یاخیبووانی باکوری عێراق ناوی دەبرد) تۆمەتبار دەکرد و بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ووڵات لێکیدەدایەوە(الحمیدی ١٩٨٩، ٢٦٣). هەر ئەمەش وایکرد کە کورد و جووڵانەوەکەی ببێتە بەشێک لە قەیرانی حکومەتە نوێیەکەی عێراق و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و لە ساڵانی دواتردا جووڵانەوەی کوردستان بووە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان دوو وڵات کە زیانی گەورەی بە هەردولا گەیاند.

## باسی دووەم:

## کورد و حکومەتی نوێی بەعس:

لە تێڕوانینی کوردانەوە، حکومەتی بەعس پێداگرترین و سەرکوتکارترین دوژمنی کوردانی عێراق بووە؛ سەرکردەسەربازییەکانی بەعس کە پێشتر لە سوپای عێراق بوون لە توندڕەوترین سەرکردەکانی سوپای عێراق بوون و چەند هێرشێکی توندیان دژ بە پێشمەرگەکانی کورد و ناوچە کوردنشینەکان ئەنجامدابوو. هەربۆیە گەڕانەوەی بەعسییەکان لە دوای کودەتای ١٩٦٨ بۆ کوردەکان ڕووداویکی شوم بوو. کوردەکان و بە تایبەتی پدک بە نیگەرانی و گومانێکی قووڵەوە لەگەڵ سەرکردەکانی حکومەتە نوێیەکی عێراق ڕووبەڕووبوونەوە. دەسەڵاتدارانی بەغدا لە ترسی بڵاوبوونەوەی شۆرش و یارمەتییەکانی ئێران، خۆیان لە پچڕاندنی پەیوەندی لەگەل کوردەکان بەدوور دەگرت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نەبوو کە ئەوان بە دوای بەستنی ڕێککەوتننامەیەک یان ڕیگاچارەیەکی سیاسی بن، بەپێچەوانەوە بەعسییەکان بە دوای دووبەرکینانەوە لە نێوان سەرکردەکانی جووڵانەوەکەدا بوون و ئەم کارەشیان کرد و کاریگەریشی جێهێشت.

لە ساڵی یەکەمی حکومەتی کودەتا، بەعسییەکان و ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆماری عێراق، خۆیان لە شەڕکردن لەگەڵ کورد بەدوورگرت و بەپێچەوانەوە لە دوولاوە و لەگەڵ دوو لایەنی کوردی ناو جووڵانەوەی کوردستانی پەیوەندی نوێی سازکرد. لەلایەکەوە لەگەڵ مەستەفا بارزانی گفتگۆی دەستپێکرد و داوای لێکرد کە بە دوو وەزیر بەشداری لە کابینەی حکومەت بکات. لە لایەکی ترەوە بە هۆی یارمەتییە بەرفراوانەکانی حکومەتی عێراق بە لایەنەکەیتری جووڵانەوەی کوردی کە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بوو و بەشداری پێکردنیان لە حکومەتی نوێی ئەحمەد حەسەن بەکر، بارزانی لە دانوستانەکان کشاندەوە و لە بڕیاری بەشداریکردن لە حکومەتی عێراق پەشیمان بوویەوە. ئامانجی سەرەکی حکومەتی بەعس لەم هەنگاوە دوولەتکردنی جووڵانەوەی کورد و دووبەرەکی خستنەوەی ناوماڵی کورد بوو کە هەڵبەت ئەم سیاسەتەی ئەنجامی باشی بۆ بەغدا هەبوو و وایکرد هێرشی ڕاگەیاندن و تەنانەت شەڕی ناوخۆیی نێوان کورد پەرەبسەنێت. بەعسییەکان پێیانوابوو دەتوانن بەمشێوازە و لە ڕێگەی نانەوەی شەڕی ناوخۆیی کوردەوە، بەبێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی سیاسی، کلتوری و کارگێڕی بۆ کوردستان دابینبکات و مافی نەتەوەییش  بە کورد نەدات (تەنانەت ئەو مافانەی کە دوو سالی ڕابردوو و لە ١٩٦٦ کورد و بەغدا لەسەری ڕێککەوتبوون کە داواکاری و ئامانجی سەرەکی جولانەوەکانی چەند ساڵی دوایی کوردستان بوو) و جووڵانەوەکەش لەناوبەرێت(کوچرا ١٣٧٧، ٣٣١-٣٣٢).

لەم نێوەندەدا یارمەتییەکانی عێراق بۆ باڵی ناڕازی لە بارزانی (ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی) زۆرتر بوو، ئەمەش بارزانی و جووڵانەوەکەی تووشی ئابڵوقەدانێکی قورس کرد، هەربۆیە بارزانی بۆ ئەوەی جووڵانەوەکەی لە ناونەچێت دەبوایە بیری لە پاڵپشتی و سەرچاوەیەکیتری دارایی بکردایەتەوە کە ئەویش ئێران بوو کە دەیتوانی لە ڕووی سەربازی، دارایی و تەنانەت پڕوپاگەندەوە، یارمەتیدەری بێت. بارزانی دەیوست لە ڕێگەی ئەو کەلێن و قەیرانە نوێیەی کە لە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراقدا دروست بووبوو، سود وەربگرێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران درێژە پێبدات. کاتێک شەڕی بارزانی لەگەڵ بەغدا دەستپێکرد، یارمەتییەکی بەرچاوی لە ئێران وەرگرت، بە جۆرێک تا ئەو کاتە یارمەتی بەو ڕادە بەرفراوانەی لە هیچووڵاتێکیتر بەدەست نەگەیشتبوو.

## ١.ئۆتۆنۆمی بێئاکامی ١٩٧٠ و یارمەتییەکانی ئێران

گەیشتنە دەسەڵاتی بەعسییەکان، نە بووە هۆی باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و نە کۆتایی بە جووڵانەوەی کوردی عێراق هێنا. ساڵێک بەسەر دەسەڵات وەرگرتنی بەعسییەکان تێنەپەڕیبوو کە حکومەتی عێراق شەڕی دژ بە کوردەکان ڕاگەیاند. لەمکاتەدا شای ئێران هاوکارییەکی زیاتری کوردەکانی دا، ئەمە کاتێک ڕوویدا کە گفتگۆکانی نێۆان کورد و بەغدا لە دوای چەند خولێک و بەهۆی ئامادەنەبوونی بەعسییەکان بە پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد، دانوستاندنەکان بێئەنجام بوون و هەردوولا چوونە ناو شەڕیان لە گفتگۆ بێئەنجامەکان بە باشتر زانی.

هۆکاری سەرەکی ناچاربوونی عیراق بە رێککەوتننامەی ١٩٧٠ و چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لە نێوان کورد و بەغدا، شۆڕشی کورد و پشتیوانیەکانی ئێران بۆ کورد لە سالی ١٩٦٩دا بوو.

پێشئەوەی هێزەکانی عێراق هێرش بکەنە سەر ناوچەکوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی، چەکدارانی کورد بە هێرشکردنە سەر چاڵەنەوتییەکانی کەرکوک لە ١٩٦٩/٣/١، گورزێکی گەورەیان وەشاندە کۆمپانیای نەوت و حکومەتی عێراق، بە شێویەک لەم هێرشە زیانێکی نزیکەی ٢ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بەر کۆمپانیای نەوت کەوت و عێراق نزیکەی ٧٠% بەرهەمهێنانی خۆی دابەزاند(نوری ٢٠٠٧، ٣٤٦). مەسعود بارزانی (بەرپرسی ئەوکاتەی دەزگای پاراستنی پدک) کە رۆڵێکی گەورەی لەم هێرشەدا گێڕا، سەبارەت بە ئامانجی ئەم کردەیە لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "ئامانج لەم کردەوەگەلە ئەوە بوو کارێکی واتایی بکەینە سەر ورەی ڕێژیم زیاتر لەوەی کە زیانی مایەکیی پێ بگەیەنین. نامەیەکی ئاشکرامان نارد بۆ ڕێژیم کەوا شۆڕشی کورد دەتوانێت دەستی خۆی بگەیەنێتە گەورەترین سەرچاوەیەکی ئابووری ژیواری پشت پێبەستراو"، هەروەها دەڵێت ئەم چالاکییە تا ماوەیەکی زۆر سەرنجی

ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو و تا ڕادەیەک لایەنەکانی هاوپەیمانی عێراقی ناچارکرد پێداچوونەوەیەک بە هەڵویستی خۆیان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق بچنەوە و ئاوڕێک لە جووڵانەوەی کوردستان بدەنەوە(م.بارزانی ٢٠٠٤، ٢٦٠).

لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق لە مانگی سێی ١٩٦٩ هێزەکانی بۆ شەڕێکی سەرانسەری دژبە کوردەکان ئامادەکرد و بە سوپایەکی ٦٠هەزار کەسی و پێکهاتوو لە ١٢لیوای سەربازی و بە سەرۆکایەتی خودی سەرکۆمار، شەڕی لە باکوری عێراق دەستپێکرد، کورد لەم کاتەدا تێگەیشتن کە ناتوانن بەبێ یارمەتی هێزێکی دەرەکی، لەم شەڕە دەربازیان بێت(دیشنر ١٩٩٩، ٢١٣). ئامانجی ئەم پرۆسەیە گێڕانەوە و دەستبەسەراگرتنی ناوچەیەک بوو کە دەکەوتە نێوان پارێزگای سلێمانی و ڕواندزەوە. سەرەتا هێزەکانی عێراق توانیان بەشێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد وەک قەلادزێ بگرن، بەڵام دواتر کوردەکان بە چەند هێرشێک توانیان جارێکیتر ئەو ناوچانە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. گرژبوونی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق دەرفەتێکی زیاتری بە کورد بەخشی تا بتوانن لە بەرامبەر هێزەکانی عێراق باشتر بەرگری بکەن، لەلایەکیترەوە چڕبوونەوەی هێزەکانی ئێران لە ناوچە سنورییەکان بووەهۆی ئەوەی دەوڵەتی عێراق هێرشەکانی بۆ ناوچە کوردییەکان ڕابگرێت(طارمی ١٣٨٤، ٥٧).

ئامانجی محەمەدڕەزاشا لەم پشتیوانیکردنەی کورد لەژێر کاریگەری ئەو سیاسەتە گشتییەدا بوو کە ئێران دەیویست دەستڕویشتوویی خۆی لە کەنداودا زیاتر بکات، لە هەمانکاتدا ڕژێمی نوێی بەعسیش لەناوبەرێت. ئێران بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە پێویستی بە تیچوون و جەنگێکی راستەوخۆ نەبوو، یارمەتیدانی بارزانی ئەم هەلەی بۆ دەڕەخساند و دەیتوانی لەم ڕێگەیەوە نەیارەکەی بخاتە ژێر فشارەوە و لەلایەکیترەوە بارزانی-ش دەیتوانی سوود لە کەلێنی دروستبووی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و هاوکارییە دارایی و سەربازییەکانی ئێران وەربگرێت.

هێزەکانی کورد بە هۆی یارمەتییەکانی ئێرانەوە توانیان پێشڕەوییەکانی سوپای عێراق ڕابگرن؛ سوپای عێراق توانای هێرشکردنیتری نەمابوو و بە ئامانجەکەی خۆی نەگەشت و بەپێچەوانەوە لەبری هێرشبردن، پەنای بۆ شەڕی بەرگریکارانە برد، چونکە لە پێشڕەوی هێزەکانی کورد بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق دەترسا. بە گشتی حکومەتی عێراق لەم پرۆسە سەربازییەی کە بەرنامەی بۆ دانابوو شکستی هێنا، لەکاتێکدا زانیاریان هەبوو لە ناوخۆشدا هەوڵێکی فراوان دژ بە ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن بۆ ئەنجامدانی کودەتا هەیە، کە لە لایەن بەرهەڵستکارانی دژ بە بەعس و بە هاوکاری ئێران پلانی بۆ داڕێژرابوو. ئەمە وایکرد لەهەمانساڵی ١٩٦٩ حکومەتی عێراق لە دوای ئەو شکست و زیانانەی کە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ تووشی هێزەکانی بوو، بۆیە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی کورد بیری لە ڕێگاچارەیەکی ئاشتیانە کردەوە و پێشنیاری خولێکیتری گفتگۆ و دانوستاندنەکانی بە

سەرکردەکانی کورد دا و تاکلایەنانەش ئاگربەستی راگەیاند. حکومەتی بەغدا پێشنیاری گفتگۆکردنی لە ڕێگای چەند خوێندکارێکی کوردی زانکۆی موسڵ و بەغداوە گەیاندە بارزانی و گفتگۆکان دەستیانپێکرد(عقراوی ٢٠٠٧، ٢٦١).

ئەحمەد حەسەن بەکر، جیا لەوەی ئامانجی لە خۆنزیککردنەوە لە کورد، کۆتاییهێنان بە رۆڵی ئێران لە پاڵپشتی ئەم هێزە بوو، ئامانجێکیتری ئەوەبوو جارێکیتر بتوانێت خۆی وەک "باوکی گەل" وێنا بکات و هەر بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ چەپەکانیش چووە ناو گفتگۆوە. بۆ گەیشتن بە چارەسەر لەگەڵ کورد، "عەزیز شەریف" بە شێوەیەکی نهێنی و وەک نێردراوی تایبەتی ئەحمەد حەسەن بەکر سەردانی بارزانی کرد. لە ئەنجامی ئەم گفتگۆ نهێنیانە و چەند خولێک لە گفتگو و دانوستاندنەکان، دواجار ڕێککەوتننامە یان بەیاننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ هاتەکایەوە(کندال، وانلی و نازدار ١٣٧٩، ١٩٢).

هاتنەکایەی ئاشتی و ڕێککەتننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ دەرئەنجامی خەباتێکی دوورودرێژی کوردەکان بوو کە بە هۆی یارمەتی دەوڵەتی ئێران و لە ئەنجامی گفتگۆ چڕەکان لەگەڵ عێراق هاتەکایەوە. ئەم ماوەیە تەنها قۆناغێک بوو تیایدا کورد توانی لە سەر داوایەکی نەتەوەیی کە بەڵێنی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردییەکان بوو، لەگەڵ عێراق بگەنە ڕێککەوتن، هەرچەندە کە دەوڵەتی عێراق لە دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەڵێنەکانی بەجێنەگەیاند. سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی ١٩٧٠ مەکداول پێیوایە: "نەتەنها باشترین مامەڵەیەک بوو خرایە بەردەم کوردەکان، بەڵکو هێشتا لەلای کوردەکان وەکو بنەمایەک کە پێویستە ببێتە بناغە و بنەڕەتی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ خەڵکی عێراقدا، ماوەتەوە"(ماکداول ١٣٨٦، ٥١١).

مادەبنەڕەتییەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بریتی بوون لە ١٤خاڵ، گرنگترینیان:

١. زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی، زمانی فەرمی ئەو ناوچانە دەبن کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و هەروەها زمانی کوردی دەبێتە زمانی پەروەردە و فێربوون.

٢. کوردەکان بە تەواوی بەشداری لە دەوڵەت دەکەن، ئەم بەشداریکردنە پۆستە هەستیار و باڵاکانی حکومەت و سوپا دەگرێتەوە.

٨. کوردەکان و عەرەبەکان بۆ شوێنەکانی نیشتەجێبوونی پێشووتریان دەگەڕێنەوە.

١٠. دەستوری عێراق بەمجۆرە ڕاستەدکرێتەوە: گەلی عێراق بریتین لە دوو نەتەوە: نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد.

١٤. گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ یەکخستنی پارێزگا و یەکەکارگێڕییەکانی ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن بە پێی سەرژمێرییەکی فەرمی(لازاریف و ئەوانی تر ٢٠١٠، ٥٠٢-٥٠٦)(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەی ژمارە ١).

### ٢. ئێران؛ هاوکاری کورد بۆ تێهەڵچوونەوە

ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ دەرئەنجامێکی سیاسی ئەو ڕۆژگارە و پێویستییەکی سەردەمی کۆمەڵگەی عێراق بوو؛ بەڵام حکومەتی بەعس لەناو عێراق و لەئەنجامی کاردانەوەکانی ڕێککەوتننامەی ئازار، دۆستێکی سیاسی بۆ نەماوەیەوە و ئەم هۆکارەش بووە هۆی ئەوە رێککەوتننامەکە نەتوانێت داواکاری سەرەکی کورد جێبەجێ بکات و پشتیوانی لایەنە سیاسیەکانیتری عێراق مسۆگەر بکات. بەرەبەرە دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە ساڵێک، متمانەی هەردوولا زیاتر تووشی ئاستەنگ بوو. لە ١٩٧١/١٢/٢٩ بارزانی لە هەوڵێکی تیرۆرکردن رزگاری بوو، ئەم ڕووداوە کوردەکان و بارزانی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە حیزبی بەعس نایەوێت ریز لە ڕێککەوتننامە و پێدانی ئۆتۆنۆمی بگرێت. لە راستیشدا وابوو، چونکە کاتێک لە ساڵی ١٩٧٠ دەقێکی پێداچوونەوەکراوی یاسای تایبەت بە ئۆتۆنۆمی خرایەڕوو، کەمتر لە نیوەی ناوچەی جێناکۆک بە کورد درا و هیچ باسێکیش لە ڕێکخستنی هاوبەش بۆ داهاتەکانی فرۆشتنی نەوت نەکرابوو(حاجی یوسفی و سلطانی نژاد ١٣٨٧، ٢٠٨).

لە دوای ساڵی ١٩٧٢، بۆ هەردوولا ئاشکرا بوو رێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠، بەرەبەرە جێبەجێکردنەکەی دەچێتە ژێرپرسیارەو و هەردوولا بیریان لە ڕێگاچارەیتر دەکردەوە بۆنمونە هەڵگیرساندنەوەی شەڕ. لەلایەکیترەوە عێراق لە ١٩٧٢/٦/١، نەوتی کەرکووکی خۆماڵیکرد و دەستی گەیشتە سەرچاوەیەکی زەبەلاحی دارایی. ئەم ڕووداوە نیگەرانی و ترسی کوردی بەدوای خویدا هێنا. ڕێگەچارەی کورد، جارێکیتر وەستانەوە دژ بە حکومەتی عێراق و دووبارە گەڕانەوە بۆ لای ئێران و وەرگرتنی یارمەتی و نوێکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و خۆنزیکردنەوە لە محەمەدڕەزاشا بوو. واژووکردنی پەیمانی دۆستایەتی لە نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤییەت، بیانوو و هۆکارێکیش بوو تا بارزانی بتوانێت یارمەتییەکی زۆر لە دوژمنەکانی عێراق (ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا) وەربگرێت.

شای ئێران لە ڕێککەوتننامەی ١٩٧٠ و پەیمانەکەی عێراق و سۆڤییەت هەراسان بوو، بۆیە هاوکارییەکانی خۆی زیاتر کرد. بۆ ئێران، کوردەکان هێشتا ئەو کارتەفشارە بوون کە دەیتوانی دەوڵەتی عێراقی پێ لاواز بکات. لەلایەکیترەوە ئەمریکاش ئامانجی ئەوە بوو لەبەرامبەر هەژمونی بەردەوامی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا پشتگیری ئێران بکات. ئێران و ئەمریکا ئۆمێدەواربوون عێراق بەهۆی ئەو دۆخە چەقبەستووەی کە لە ناوخۆدا و لە ئەنجامی خۆدزینەوە لە پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان تووشی بووبوو، باشترین سود بۆ لاوازکردنی زیاتری وەربگرن، لە بنەڕەتیشدا ئەمریکا و ئێران پێیان باشبوو ئەم کێشەیە بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە(ماکداول ١٣٨٦، ٥١٦).

بارزانی بۆ بەهێزکردنی چەکدارەکانی خۆی و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی نوێ لەگەڵ

عێراق، دەیویست زۆرترین یارمەتی دارایی لە ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل وەربگرێت و هیوایەکی گەورەی لەسەر سوودوەرگرتن لە یارمەتییەکانی ئەم سێ وولاتە دژ بە عێراق هەڵچنیبوو(بارزانی ٢٠١٢، ٤٥٦).

لە گەشتەکەی نیکسۆن (سەرکۆماری ئەمریکا) بۆ ئێران و لە ڕێککەوتی ١٩٧٢/٥/٣٠، کە لە دوای گەشتەکەی بۆ رووسیا ئەنجامیدا، شای ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی داوای لە نیکسۆن کرد لەبەرامبەر پەیمانی دۆستایەتی عێراق و سۆڤییەت، پشتگیری بارزانی بکات. سەرکۆماری ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر ئەم داواکارییەی ئێران پیشاندا و دواتر لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوەی پێشنیاری پاڵپشتی لە جووڵانەوەی کورد و چۆنێتی گەیاندنی یارمەتییەکان پێکهێنا.

بەپێی گێڕانەوەی کتێبی "سنوات المحنه فی کردستان" لە نووسینی شەکیب عەقراوی(کە جێگری ئەوکاتەی دەزگای پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو) هاتووە: محەمەدڕەزا شا لە ١٩٧٢/٦/٢٢ لە نامەیەکدا کە بۆ بارزانی ناردووە تێیدا هەواڵی ڕەزامەندی نیکسۆن و پشتیوانیکردنی ئەمریکا و یارمەتییەکانی بۆ شۆرش پێڕادەگەیەنێت. لەبەرامبەردا و لەدوای هەفتەیەک وەفدێک لە لایەن بارزانی و بە ئەندامێتی ئیدریس بارزانی و مەحمود عوسمان دەنێردرێتە تاران و لەگەڵ شای ئێران دیدارێک ئەنجامدەدەن. لە دوای باشبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران وئەمریکا هەمان وەفد لە لە ١٩٧٢/٧/٥ بەرەوە ئەمریکا دەڕۆن و لەوێ ریچارد هیلمز، بەرێوبەری CIAبە وەفدی کورد دەڵێت: "بە هۆی داواکاری چەندین جارەی شای ئێران، یارمەتی بارزانی دەدەین". لە دوای گەڕانەوەی وەفدەکە، مەلا مستەفا مانگانە ٣٠٠هەزاری دولاری وەک "یارمەتییەکانی ئەمریکا" وەردەگرت، ئەم یارمەتیانە بە ئاشکرا نەبوو بەڵکو لەرێگەی دەوڵەتی ئێران و لە سەر داوای ئەو دەدرایە کورد. پەیوەندی کورد و ئەمریکا لە ڕێگای ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٢ تاوەکو ١٩٧٥ بەردەوام بوو(عقراوی ٢٠٠٧، ٣٣٢-٣٣٧). جێی ئاماژەیە پەیوەندییەکانی بارزانی و ئەمریکا زیاتر لە ڕێگای هێنری کسێنجەر و CIAەوە ڕێکدەخرا(یلدز ١٣٩١، ٥٩).

یارمەتیدانی ئەمریکا بۆ کورد بەهۆی داوکاری ئێران لەم وولاتە، دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە ئێران دەیویست وا نیشانبدات ئەمریکا (وەکو یەکێک لە زلهێزەکان) پاڵپشتی کورد دەکات لە پێناو ئەوەی کە کورد هانبدات تا لە عێراق بێمنەت بێت و ڕێککەوتننامەی ١٩٧٠ هەڵبووەشێنێتەوە، لەلایەکیترەوە لە ڕێگەی بەهێزکردنی کوردیشەوە دەوڵەتی عێراق لاوازبکات و پەیماننامەکەی لەگەڵ ڕوسیا بێبەها بکات، چونکە یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ کورد زیاتر لەوەی کە دەرئەنجامی بەرنامەیەکی دیاریکراو و ستراتیژێکی نەخشەبۆدارێژراوی کورد بێت، لە سەر داوکاری ئێران وەک هاپەیمانێکی ناوچەیی ئەمریکا ئەنجامدرابوو. ئەوەی ئەم گریمانەیەی بەهێزدەکات "پشتێکردنی ئەمریکا لە کورد" بوو لە ساڵانی دواتر و بە تایبەتی لە

دوای پەیماننامەی جەزائیر، کە گەواهی ئەوە بوو داڕێژەری سەرەکی بۆ یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ کورد، تەنیا شای ئێران بووە و لە بنەڕەتدا ئەمریکا و ئیسرائیڵ لە سیاسەتەکانی شا پشتیوانیان کردووە نەک لە جەنگاوەرانی کورد.

لەگەڵ ئەم هاوکاریانەی ئەمریکا، ئێران زیاتر پەرەی بە یارمەتییە سەربازییەکانی خۆی بۆ کورد دا، لەم پێناوەدا چەکە نیوەقورس و قورسەکانی خۆی وەک هاوەن و چەکی دژەدەبابە و تۆپی گەیاندە هێزەکانی بارزانی. لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەبوو هێزەکانی ئێران "بە جلی کوردییەوە" هاوشانی پێشمەرگەکان دژی عێراق دەجەنگان و یەکەکانی تۆپخانە و بەرگری دژەئاسمانی ئێران پشتیوانی هێزە کوردی و هێزە ئێرانییەکانیان دەکرد(طارمی ١٣٨٤، ٥٨). بە ووتەی عەلی سەنجاری، یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی ئەو کاتەی جوڵانەوەکە، جیا لە یارمەتییە سەربازییەکان، ئێران نزیکەی ٨ ملیۆن دۆلاری پێشکەش بە کورد کرد. سەبارەت بە کۆی ئەو هاوکاریانەی کە بە کورد درا، مەحمود عوسمان، لە سەرکردەکانی جوڵانەوەکە و ڕاوێژکاری بارزانی دەڵێت بە کۆی گشتی جوڵانەوەی کوردی بەرێژەی ٤٨ملیۆن دۆلاری ئەمریکی یارمەتی لە ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل وەرگرت(بابانزادە ٢٠١٣، ٢١٥-٢١٦).

لە کۆتاییدا بە هۆی بێ متمانەیی دوو لایەنی کوردی و بەعس بە یەکتر و خراپتربوونی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق، چیتر ڕێککەوتننامەی ١٩٧٠ دەریچەیەک نەبوو بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەی کۆتایی کێشەکان، هەروەها ماوەی چوار ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەکە تێپەریبوو، بەڵام هێشتا ئەو بەڕێوبردنەی کە کورد چاوەڕێی دەکرد، جێبەجێنەکرابوو. حکومەتی عێراق لێکدانەوەی خۆی بۆ خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە هەبوو، ئامادەبوو تەنها لە سێ پارێزگای "باکوری عێراق" بێ کەرکوک، دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی بدات بە کورد کە ئەمەش لای بارزانی پەسەندکراو نەبوو. هەر لە دوای ساڵی ١٩٧٢ بارزانی ئیتر لە ڕێککەوتننامەکە بێئۆمێد بوو و بە وەرگرتنی یارمەتییە داراییەکان لە ئێران، ئەمریکا وئیسرائێل، پێشبینی دوبارەبوونەوی شەڕی کردبوو. لە ١٩٧٤/٣/٨ بۆ دوایین جار، جوڵانەوەی کورد وەفدێکی بە سەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی بۆ بەغدا نارد کە ئامانجیان هەوڵدان بوو بۆ خۆدوورخستنەوە لە شەڕێکی تر و جێبەجێکرنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکەی ١٩٧٠. ئیدریس بارزانی بە سەدام حوسێنی ڕایگەیاند بڵاوکردنەوەی تاکلایەنەی یاسای ئۆتۆنۆمی - کە کورد لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا هاوڕا نەبوو- تاوەکو ١٩٧٥/٣/١١ دوابخات و ئەمەی لە شەڕکردنی بە باشتر دەزانی، بەڵام حکومەتی عێراق لەسەر هەنگاوەکانی بەردەوامبوو، لە ١٩٧٤/٣/١١ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، یاسای تایبەت بە ئۆتۆنۆمی بڵاوکردەوە. ڕۆژێک دوای ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، یاساکەی ڕەتکردەوە و لە بەیاننامەیەکدا ڕەخنەکانی خۆی خستەڕوو. گرنگترین لەمپەرەکانی نەگەیشتن بە ئەنجامێک لە دوایین گفتوگۆی وەفدی کوردی و بەعس، دیاریکردنی سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، چارەنووسی کەرکوک و سیاسەتی عەرەباندنی(تعریب)

ناوچەکوردییەکان بوو. ئەمانە بوونە هۆکارێک کە چیتر بیانووەیەک بۆ دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوانیاندا نەمێنێتەوە(کندال، وانلی و نازدار ١٣٧٩، ٢٠٥-٢٠٦).

لە هەمان ساڵدا شەڕ دەستی پێکرد و کورد بە پشتیوانییەکی زۆری ماددیی و سەربازی ئێران و ووڵاتانی تر ڕوبەڕوی سوپای عێراق وەستایەوە، سوپای عێراق زۆر زوو قەبارە و توانای خۆیان نمایش کرد. بەشێک لە بارەگا سەربازییەکانی کە لە ژێردەستی هێزەکانی کورددا بوون دەستی بەسەردا گرتەوە، لە میحوەری سەرەکی پرۆسەکەدا تا پاییزی هەمان ساڵ ئامێدی، ئاکرێ، ڕەواندز، ڕانیە و قەڵادزێی گرتەوە، ئیتر دەوڵەتی عێراق دەسەڵاتی بەسەر بەشی هەرەزۆری کوردستانی عێراق سەپاند.

هەڵگیرساندنەوەی شەڕی نێوان کورد و عێراق، ئەو ئۆمێدەی لای ئێران زیندووکردەوە کە لەوانەیە وەکو ساڵی ١٩٦٣ ببێتە هۆکاری کودەتا بەسەر حکومەتی بەعس، هەر ئەمەش وایکرد ئێران بە ئاشکرا پاڵپشتی کورد بکات. ئێران نە تەنها کوردەکانی ئێرانی بۆ یارمەتی هێزەکانی بارزانی نارد، بەڵکو یەکە سەربازییە ڕێکخراوەکانیشی بە جلی کوردییەوە بۆ ناوچەکانی کوردستانی عێراق رەوانەکرد. جیا لە یارمەتییەکانی ڕابردوو(١٩٧٢-١٩٧٤)، ئەمجارەیان ئێران تۆپخانەی سووک و مامناوەند(٧٥ و ١٣٠ ملم) و تۆپخانەی دوورهاوێژ(١٧٥ ملم) کە لە ناو خاکی ئێرانەوە بە ئاسانی دەیتوانی قەڵادزێ بخاتە ژێر ئاگری تۆپەکانی، خستە خزمەتی کورد. لە ڕووی دژەئاسمانییەوە، موشەکی جۆری هۆکی ئەمریکی توانیان فرۆکەیەکی میک٢٣ی هێزی عێراقی بخەنەخوارەوە(ماکداول ١٣٨٦، ٥٢٦).

یەکێک لە لێکەوتەکانی هاوکارییە بەرفراوانەکانی سەربازیی ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ هێزەکوردییەکان، وەرچەرخانێک بوو کە لە شێواز و توانای شەڕکردنی کوردەکان لەگەڵ سوپای عێراق هاتەکایەوە. پێشتر هێزەکانی کورد شێوازی پارتیزانییان بەکاردەهێنا، بەڵام بە گەیشتنی یارمەتییە سەربازییەکان و هاتنەپاڵی سوپاییەکانی ئێران کە هاوشانی کوردەکان دژ بە سوپای عێراق دەجەنگان، ئیتر سەنگەری جێگیریان لێدەدا. هەروەها بە هاوەن، تۆپخانە و دژەئاسمانی ئێرانی شەڕیان دەرکرد، شێوازی شەڕی کورد گۆڕانی بەسەرداهات و تەنانەت ئەمجارەیان هێرشیان دەبرد(طارمی ١٣٨٤، ٥٩).

دەرئەنجام ئێران بە یارمەتیدانی کورد، حکومەتی عێراقی خستەژێر فشارێکی زۆرەوە، بە رادەیەک عێراق وەفدێکی بۆ گفتگۆکردن ناردە ئێران. لەم گفتگۆیانەدا عێراق ڕەزامەندی پێدانی هەرجۆرە ئیمتیازێکی بۆ ئێران دەربڕی بەمەرجێک ئێران هاوکارییەکانی بۆ کورد ڕابگرێت و سنورەکان دابخات. ئەمیر عەباس هوەیدا، سەرۆک وەزیرانی ئێران ئەوکات، سەبارەت بە مەرجی داخستنی سنوورەکان بە وەفدی عێراقی وت: من بەوانم ووت ئێمە ناتوانین سنوورەکان دابخەین، ئەگەر ئێوە دەتوانن، دایبخەن.

## ٣. ڕەنگدانەوەی پەیماننامەی جەزائیر لە سەر جوڵانەوەی کورد:

بە پێی نووسراوێکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا(CIA) ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٢٢ کە لە ڕاپۆرتی پایک(Pike report) ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٩ ئامادەکراوە و دەقێکی چاککراوی لە مانگی فبرایەر بڵاوبۆتەوە، شای ئێران سیاسەتی "پاڵپشتیکردنی کوردی وەک کارتێک دەبینی کە پێویست بوو لە ڕکابەرایەتی دراوسێکانی بەکاریبهێنێت". سی ئای ئەی لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت: "ئێمە بڕوامان وایە شا بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی کورددا نییە. ئێران و ئەمریکاش ئۆمێدەواربوون لەم دۆخەی کە قابیلی چارەسەر نییە کە لە ئەنجامی دەستهەڵنەگرتنی کورد لە دۆخ و پێگەی نیوەئۆتۆنۆمی خۆیانە، عێراق لاواز بکەن و سوودی خۆیان لەو دۆخە ببەن. نە ئێران و نە ئەمریکاش هیچ یەکێکیان قایل نین کێشەکە بەمشێوەیە چارەسەربێت". بۆ هێنری کیسنجەر ئەم سیاسەتە "تەنیا کەرەستە و ئامرازێک بوو بۆ بەرپێگرتنی عێراق لە هەر جۆرە کردارێکی سەرکێشانە"(کندال، وانلی و نازدار ١٣٧٩، ٢١٦-٢١٧).

لە کۆتاییدا لە دوای شەڕی هاوینی ١٩٧٤ و خۆڕاگری هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرامبەر سوپای عێراق بە سوودوەرگرتن لە هاوکارییە دارایی و سەربازییەکانی ئێران، عێراق بەدوای چارەسەرێکی جیاواز لە پرۆسەی سەربازی دەگەڕا، لە ئەنجامدا سەدام حوسێن جێگری سەرکۆماری ئەوکات بە ئۆمێدی کۆتاییپێهێنانی کێشەکان، بە پەنابردنە بەر چەند ڕێگایەک، پێشنیاری گفتگۆی بە ئێراندا. ئەم هەنگاوە زۆر بە وریایی و نهێنییەوە لە ڕێگای میسر و جەزائیرەوە ئەنجامدرا و لە کۆنفرانسی گەلانی موسڵمان لە ریبات لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٤، پەیوەندی بە نوێنەرەکانی ئێران و عێراقەوە کرا. لەگەڵ ئەمەشدا ڕایەکیتر ئەوەیە کە پێدەچێت پێشنیاری گفتوگۆ لە لایەن شای ئێرانەوە بووبێت و پشتیوانی هێنری کیسنجەری لەگەڵدا بووە، چونکە هەردوولا پێیانوابوو کورد لەم مامەڵەیەدا تەنها "دەبنە ئامرازی گەمەکە"(سەرچاوەی پێشوو، ٢١٧-٢١٨ و ٢٢٠).

لە دوای گۆڕانکارییەکان، عەبباس خەلعەتبەری و شازل تاقە، وەزیرانی دەرەوەی ئێران و عێراق لە ١٩٧٤/١٠/١١ لە پەراوێزی دانیشتنەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرک، لەگەڵ یەکتر دیداریان کرد. ئەمە یەکەمین دیداری وەزیرانی دەرەوەی دوو وڵات بوو کە بووە هۆی دەستپێکردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکانی هەردوولا و لە دوای مانگی ئۆکتۆبەر جارێکیتر وەزیرانی دەرەوەی دوو وڵات لە ماوەی ١٦-١٩٧٥/١١/٢٠ لە ئیستەمبوڵ کۆبوونەوە. دواجار لە ئەنجامی ئەم هەوڵانەدا، محەمەدڕەزاشا لە کۆبوونەوەی ساڵانەی وڵاتانی ئۆپێک لە جەزائیر بەشداریکرد. لە پەراوێزی کۆبوونەوەکە محەمەدڕەزاشا و سەدام حوسێن(جێگری سەرکۆماری عێراق) کە بە سەرۆکایەتی وفدێکی نوێنەری عێراق بەشداری کردبوو، لە ڕێگای

نێوانگیری هەواری بومەیدین سەرکۆماری جەزائیر، کەوتنە دانوستان. لە دانیشتنی کۆتایی کۆبوونەوەی ئۆپێک، هەواری بومەیدین رایگەیاند: "خۆشحاڵم پێتانی ڕابگەیەنم کە ڕۆژی ڕابردوو، ڕێککەوتنێکی گشتی لە نێوان دووووڵاتی برا ئێران و عێراق، بۆ کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکانیان هاتەکایەوە"(طالع ١٣٨٩، ٦٦).

ئەو خاڵانەی لە ڕاگەیاندنەکەی هەردووولادا هاتبوو، بریتیبوو لە:

١. نیشانەکردنی یەکجارەکی سنووره وشکانییەکانی هەر دوو وڵات بە پێی پرۆتۆکۆلی ١٩١٣ نوێبکرێتەوە.

٢. ئێران و عێراق سنوره ئاوییەکانی خۆیان بە پێی هێلی تالوگ(خط القعر) نوێبکەنەوە.

٣. هەردوو وولات بەڵێندەدەن چاودێری(کۆنترۆڵ) کاریگەر لە سنوره هاوبەشەکانیان بکەن بەمەستی ڕێگریکردن لە هەرجۆره دزەکردنێک کە ئامانجی تێکدەرانەی هەبێت.

٤. هەردوولا بڕیاڕیاندا کە دراوسێتی و دۆستایەتی نێوانیان لە ڕێگەی پەیوەندی بەردەوامەوە نوێبکەنەوە(الحمیدی ١٩٨٩، ٢٦٦)(بڕوانە پاشکۆی بەڵگەنامەیی، بەڵگەنامەی ژمارە٣).

دەرهاوێشتەکانی پەیماننامەی جەزائیر لە خاڵەکانیدا بە ئاشکرا خۆی نیشاندابوو؛ بۆ ئێران گرینگترین بابەت ئەوە بوو عێراق ڕەزامەندی نیشاندا کە هێڵی تاڵوگ بەفەرمی بناسێنێت و ئەمە بۆ ئێران دەسکەوتێکی گەوره بوو. لە بەرامبەردا عێراق ئامانجەکەی هاتەدی کاتێک ئێران ناڕاستەوخۆ بەوە رازیبوو واز لە پاڵپشتی بارزانی بهێنێت و جووڵانەوەی کورد بە "تێکدەر" بناسێنێت. کاریگەری پەیماننامەی جەزائیر و خاڵەکانی تایبەت بە کورد، زیانی گەورەی بە جوڵانەوەکەی گەیاند، ڕۆڵێکی گەورەی لە دامرکاندنەوەی جوڵانەوەکە بینی، پاش ئەوەی نزیک بە چواردەساڵ بەرامبەر حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق وەستایەوە و هەڕەشەیەکی گەورەی بۆ دەسەڵاتی بەغدا و یەکگرتوویی خاکی عێراق دروستکرد.

ئێران لەگەڵ بڕینی هاوکارییەکانی بۆ کورد، بە کوردیشی ڕاگەیاند کە:

١. سنورەکان لە بەرامبەر هەر جووڵانەوەیەک و هاتووچۆی بەردەوامدا دادەخرێت.

٢. چیتر هیچ چاوەڕوانییەکتان لە هاوپەیمانێتی ئێمە نەبێت.

٣. دەبێت لەگەڵ "دوژمنی هاوپەیمانی ئێمە"(عێراق) بە هەر شێوەیەک کە گونجاوبێت بگەنە ڕێککەوتن(ازغندی ١٣٩٢، ٤٠٨).

پەیماننامەی جەزائیر بۆ کوردستانی عێراق، سەرسوڕمانێکی زۆری بەدوای خوێدا هێنا و نائۆمێدییەکی گەوره باڵی بەسەر سەرکردە و چەکدارانی جووڵانەوەکە و خەڵکدا کێشا. کاتێک کە شا لە جەزائیر گەڕایەوە، بارزانی کە لەسەر داوای بەرپرسانی ئێران لە تاران بوو، بۆ جێبەجێبوونی پەیماننامەکە و چارەنووسی کورد تیایدا سێ ڕێگای لە بەردەم بارزانیدا دانا: "پێش تەواوبوونی ماوەی لێخۆشبوونی گشتی کە بەغدا ڕایگەیاندبوو، خۆی بدات بەدەستەوە،

یان وەکو پەنابەر لە ئێران بێت یان لەگەڵ سنورەداخراو و چاودێری لەسەرەکان لە لایەن ئێران و عێراق و جەزائیر وەک ئەوەی لە پەیماننامەکە هاتبوو، درێژە بە شەڕکردن بدات". دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق و گەیاندنی پەیامەکەی شا بە مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە شەوی ١٩٧٥/٣/١٨ بارزانی لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ مەکتەب سیاسی حیزبەکەی و سەرکردە سەربازییەکانی، بڕیاڕی وەستاندنی شەڕ و کشانەوەی بۆ ئێراندا و پێیراگەیاندن ئەوان ئازادن ئەگەر لە شەڕکردن بەردەوام دەبن، بەڵام زۆرینەیان بڕیارەکەیان پەسەندکرد. کۆچی دەستەی سەرکردایەتی جوڵانەوەکە و ئەندامانی پدک بۆ ئێران لە ١٩٧٥/٣/٢٢ دەستیپێکرد و چەکەکانیان لە ناوبرد و بەڵگەنامە و پێشینەی کاری کارگێڕی بەردەستیان سووتاند. رێژەی کوردە پەنابەرەکان بۆ ئێران لە ماوەی چەند رۆژدا گەیشتە زیاتر لە ٣٠٠هەزار کەس، لەم ڕێژەیە ٣٥ بۆ ٤٥هەزاریان پێشمەرگە بوون. چەندین هەزار پێشمەرگە بۆ عێراق گەڕانەوە و خۆیان ڕادەستی هێزەکانی عێراق کرد و بەشێکیتریان لە کێوەکانی سنوری کوردستانی عێراق خۆیان حەشاردا(کندال، وانلی و نازدار ١٣٧٩، ٢٢١-٢٢٣).

لە ئەنجامی پەیماننامەی جەزائیر کوردەکانی عێراق بێ پشت و پەنا مانەوە، پێشمەرگەکان بەبێ ئەوەی توانای بەرەنگاربوونەوەی چەکدارییان مابێت، سەرگەردان بوون. ناوچەی ئۆتۆنۆمی راگەیەندراو تەنها نیوەی کوردستانی دەگرتەوە و زیاتر لە ٣٠٠هەزار کورد بۆ پارێزگا عەرەبنشینەکانی دوور لە باکوری عێراق کۆچێندران. عەرەبەکان دەستیان بەسەر زۆرێک لە لادێ کوردییەکانی ئەو ناوچانەدا گرت کە جێگەی ناکۆکی بەغدا و جوڵانەوەی کورد بوون. سنووری ئەو ناوچانە بۆ دابینکردنی گرەنتی لەبەرژەوەندی عەرەب و حکومەتی عێراق، دووبارە لە روی کارگێڕییەوە دابەشکرانەوە (یلدز ١٣٩١، ٦١).

## دەرئەنجام:

١. ئێران و عێراق، بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان گروپ و لایەنە بەرهەڵستکارەکانی یەکتریان وەک ئامرازێک بەکاردەهێنا. ئێران جووڵانەوەی کوردی وەک ئامرازێک بەهێز دەکرد، لەم پێناوەدا هاوکاری و پشتیوانییە دارایی و سەربازییەکانی بۆ کورد لە ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥ تەنیا بۆ زیادکردنی فشار بوو دژ بە ڕژێمی بەعس، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە بەعسیەکان ناچار بکات دان بەدیاریکردن و نوێکردنەوەکانی سنورەکانی دوو وڵات لە سەر بنەمای دانوستاندنەکانی ساڵی ١٩١٣ بنێت و هێڵی تاڵوەگ بە فەرمی بناسێنێت. پەیوەندییەکانی ئێران لەگەل کورد لە ساڵەکانی ١٩٦٨-١٩٧٥، ئەم ئامانجە گەورەیەی ئێرانی هێنایەدی.

٢. کودەتای ١٩٦٨ و ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس و تێروانینی بۆ پرسی کورد لە عێراق، ڕۆڵێکی گەورەی لە نزیکبوونەوە و مەیلی کوردی عێراق بۆ لای دەوڵەتی ئێران بینی.

٣. پاڵپشتی شای ئێران بۆ جولانەوەی کورد، زیاتر بۆ بەلاڕێبردن و بێبەهاکردنی ڕیککەوتننامەی ١٩٧٠(بەیاننامەی ئازار) بوو؛ گەیشتنی کوردی عێراق و بەعس بەرێککەوتنێک کە ئۆتۆنۆمی ناوچەکوردەکانی بەدوای خوێدا دەهێنا، ئێرانی نیگەران کردبوو. ئەم ڕێککەوتنە دەیتوانی بەرژەوەندی ناوچەیی و ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و یەکپارچەیی خاکی ئێران لەلایەن کوردەکانەوە (کە چەندین پارێزگای کوردی هەیە و داوای مافی نەتەوەیی دەکەن) لە دواڕۆژدا بخاتە مەترسییەوە و ئێران تووشی دۆخێکی ناجێگیر بکات. هەربۆیە ئێران هاوکاری گەورە و تێچوونێکی زۆری بۆ پاڵپشتی کوردەکان بەکارهێنا تا ئەو کاتەی کە پەیماننامەی جەزائیر ١٩٧٥ بەسترا و رێککەوتنی ئازاری١٩٧٠ بێبەها کرا.

٤. جیا لە ئێران و عێراق، چەند وڵاتێکیتر ڕۆڵی خۆیان لە پەیوەندییەکانی ئێران و کورد بینی، بە تایبەتی ئەو وولاتانەی کە دژەکۆمونیست بوون و لە دەستڕۆیشتوویی یەکێتی سۆڤییەت لە ناوچەکە نیگەران بوون. ئەمریکا و ئیسرائیل لە پێشەوەی ئەم وولاتانە بوون و ڕۆڵێکی یەکلاییکەرەوەیان لە پەیوەندییکان ئێران و کورد و پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی و سەربازی بۆ کورد بینی و دواجار هەر ئەوانیش بوون کە ڕەزامەندیان لەسەر پەیماننامەی جەزائیر١٩٧٥ پێشاندا.

٥. بە بەراوردێک لە نێوان پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئێران(پەهلەوی دووەم) و دەوڵەتی عێراق(بەعس- بەکر) لەگەڵ کوردی عێراق، ئێران توانی قازانجی باشتر بەدەستبێنێت. کورد بووە قوربانی گەمەی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و نەیتوانی بگاتە ئاواتی سیاسی خۆی کە ئەوکات لە ئۆتۆنۆمیدا خۆی دەبینییەوە. بەمشێوەیە پەیماننامەی

جەزائیر پەیوەندییە باشەکانی ئێران و کوردی کاڵکردەوە و بۆ کورت مەودا جووڵانەوەی کوردستانی دژ بە حکومەتی عێراقی لە خشتەبرد و کاریگەری قووڵی لەسەر ئاڕاستە سیاسییەکانی دوای ساڵی١٩٧٥ بەجێهێشت.

## لیستی سەرچاوەکان:


١. ابالاس، ادگار، جنبش کردها، ترجمه اسماعیل فتاح قاضی، تهران: انتشارات آگاه، ١٣٧٧.
٢. ازغندی، علیرضا، روابط خارجی ایران ١٣٢٠-١٣٥٧، تهران: نشر قومس، ١٣٩٢.
٣. الحمیدی، جعفر عباس و احمد، ابراهیم خلیل، تاریخ العراق المعاصر، موصل: دارالکتب للطباعه و النشر، ١٩٨٩.
٤. حاجی یوسفی، امیر احمد و سلطانی نژاد، احمد، سامان سیاسی در عراق جدید، تهران: انتشارات وزارت امور خارجه، ١٣٨٧.
٥. بابانزادە، کامەران، ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد، سلێمانی: چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٣.
٦. بارزانی، ایوب، الحرکه التحریریه الکردیه و صراع القوی الاقلیمیه و الدولیه، جنیف: دارالنشر حقائق المشرق، ٢٠١٢.
٧. بارزانی، مسعود، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێهەم، بەشی یەکەم، هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٤.
٨. بهمنی قاجار، محمدعلی، "کودتای ١٩٦٨ حزب بعث و تاثیر آن بر روابط سیاسی و اقتصادی ایران و عراق"، فصلنامه تاریخ روابط خارجی، شماره ١٩، تابستان ١٣٨٣.
٩. تریب، تشارلز، صفحات من تاریخ العراق، ترجمه زینه جابر ادریس، بیروت: الدارالعربیه للعلوم، ٢٠٠٦.
١٠. وزارت امور خارجه، گزیده اسناد مرزی ایران و عراق، تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، ١٣٦٨.
١١. دیشنر، گوینتر، کورد: گەلی لەخشتەبراوی و غەدرلێکراو، وەرگێران حمەکریم عارف، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٩.
١٢. طارمی، کامران و ابوالحسن شیرازی، حبیب الله، نقش گروههای معارض در روابط ایران و عراق ١٣٧٥-١٣٧٨، تهران: مرکز اسناد انقلاب اسلامی، ١٣٨٤.
١٣. طالع، هوشنگ، قرارداد الجزایر و پیامدهای آن، تهران: انتشارات سمرقند، ١٣٨٩.
١٤. عقراوی، شکیب، سنوات المحنه فی کردستان، اربیل: مطبعه مناره، ٢٠٠٧.
١٥. کندال، وانلی و عصمت شریف و نازدار، مصطفی، کردها، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران: روزبهان، ١٣٧٩.
١٦. کوچرا، کریس، جنبش ملی کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران: انتشارات آگاه، ١٣٧٧.

١٧. ماكداول، ديويد، تاريخ معاصر كرد، ترجمه ابراهيم يونسى، تهران: نشر پانيذ، ١٣٨٦.
١٨. هوشنگ مهدوى، عبدالرضا، سياست خارجى ايران در دوران پهلوى، تهران: نشر پيكان، ١٣٨٩.
١٩. نورى، فريدون، بزاڤى بارزانى، هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٧.
٢٠. يلدز، كريم، كردهاى عراق(گذشته، حال، آينده)، ترجمه سيروس فيضى، تهران: انتشارات توكلى، ١٣٩١.
٢١. ييلاقى، رحمان، حمله نظامى امريكا به عراق و تاثير آن بر شكاف هاى قومى/مذهبى، تهران: انتشارات فكرآژين، ١٣٩٠.
٢٢. العانى، خالد عبدالمنعم، موسوعه العراق الحديث، مجلد٢، بغداد: دارالعربيه للموسوعات، ١٩٧٧.